www.kurdistannet.org
30-1-2007 22:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئێران، دوا دەرگای داخراوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست! ... مەنسوور عەزیزی



پاش رووخانی دەسەڵاتی حەمەرەزاشا و پاش کێشە و ململانێ و بگرە و بەردەیەکی بەردەوام، ئاخووندەکان توانییان جڵەوی دەسەڵات لە ئێراندا وەدەست بگرن و هەموو هێزە دژبەرەکانی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتەدا بخەنە بەر هەڕەشە. لە راستیدا ئەوە یەکەم هەنگاوەکانی ئەو دەسەڵاتە نوێیە بوو کە سەرەتا بەرهەڵستکارە سیاسیەکان بەرە و نەمان پاڵ پێوەنێت و دواتر نەخشەی بەرەوپێشچوونی ستراتیژییە ئایینی و مەزهەبییەکانی وەگەڕ بخات و ئەو ستراتیژییە و رێبازەکانی ئەو چەمکە زیاتر و زیاتر بڵاو بکاتەوە بە جیهان و ناوچەکەدا. جەنگی ئێران و عێراق، بێگوومان ئاکامی هاتنە سەرکاری ئەو رژێمە بوو لە ئێران و ئەو جەنگە سیمایەکی مۆدێرن بوو بۆ جەنگەکانی نێوان دەسەڵاتی سەفەوی و عوسمانییەکان و هەموو ئەو خوێنرشتنانەش لە هەوڵی هەریەک لەو دوو دەسەڵاتەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەریەکەیان بە نۆرەی خۆی هەوڵی دەدا، لە ناوچەکەدا ببێت بە هێزی سەرەکی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە بندەستی خۆی.

بێگوومان زلهێزان و وڵاتانی پیشەسازی و پێشکەوتووی جیهانیش، هەڵگیرسانی ئاوا جەنگێک لە قازانجیاندا بوو. لە بەرئەوەی ئەوان بە ملیارد، چەک و تەقەمەنییان بەو دوو دەسەڵاتە، واتە بەعس و رژێمی کۆماری ئیسلامی دەفرۆشت و لە لایەکی دیکەشەوە تا لەو شێوە جەنگە هەبا، هیچ کام لەو دوو وڵاتە بەرەو ئەوە نەدەچوون کە لە بواری ئابووری و سیاسی و سەربازی و زانستییەوە، بەرەو سەربەخۆ بوون بڕۆن و لە هەمانکاتدا هەرکام لە بلۆکەکانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی ئەوەدەمیش، هەوڵیان ئەوە بوو کە سەرنجی ئەو وڵاتانە بۆ لای خۆیان راکێشن و رێکەوتننامەی جیاواز جیاوازی ئابووری و نەوتی و. . . هتدیان لە گەڵدا واژوو بکەن. کە ئەوەش بێگوومان بە قازانجیان بوو وەک زلهێز. تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕایەوە سەر خوودی کۆمەڵگای ئەو دوو ووڵاتە، زەوینەی ئەوە لەبار بوو کە بە بەهانەی بوونی جەنگەوە، ئەوەی سەری بەرز کردبایەوە دژ بە یەکێک لەو دەسەڵاتانە لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەدا، ناو و ناتۆرەی نۆکەری ئیمپریالیزم و جاشی فلان و. . . یان لێدەنا و بەهەموو شێوەیەک سەرکوتیان دەکرد کە نموونەی ئەو باسەمان زۆرە لە هەردوو وڵاتدا.

رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو جەنگەشی قۆستەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە بیروباوەڕی مەزهەبی، توانی سەدان هەزار لاو بکاتە خۆراکی تەقینەوەی مینەکان و تا دەهات زیاتر و زیاتر بنەمای دەسەڵاتی خۆی قایم دەکرد.

لە کۆتاییدا ئەوە بوو کە دیتمان خومەینی جامی ژاری نۆشی_ بە پێی گووتەی خۆی_ و رێکەوتننامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی لەمەڕ وەستانی جەنگ واژوو کرد.

وردە وردە پاش جەنگ دەنگە نارازییەکان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا سەریهەڵدا. خوومەینی مرد و رێگا زیاتر ئاوەڵابوو بۆ جەنگی دەسەڵات و رژێم دەستیدایە کوشتن و تیرۆرکردنی نارازییانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات و دەستیکرد بە خۆکۆکردنەوە و لەناوخۆدا دەرفەتی زیاتریان وەدەستهێنا بۆ ئەوەی لە لایەک هەرشێوە نارازیبوونێک بدەنە بەر هەڕەشەی سەرکووت و لە لایەکی دیکەش پێگەی هەوڵدان بۆ خۆبەهێز کردن، زیاتر قایم بکەن. ئەوەی کە ئەوان هەر باسیشیان لێوەنەکرد و پلانیان بۆی دانەڕێژا، گوێگرتن بوو بۆ گەلانی ئێران و دابینکردنی مافە مرۆیی و نەتەوایەتی و شارۆمەندییەکانی ئەو نەتەوانە، یان هاونیشتمانانی ئێرانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی کرد بە ناردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دەوروبەر و کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی تیرۆریستی لە ناوچەکەدا دایە بن باڵی خۆی و لە هەموو بوارێکەوە دەستیکرد بە دابینکردنیان. ڕوانگەی ئایینی و مەزهەبی خۆی بڵاوکردەوە و کەوتە پێوەندیگرتن بەو لایەنانەوە کە وەریان دەگرت. ئابووری وڵاتی ئێرانی خستە خزمەت ویستە حیزبی و گرووپییەکانی خۆی و توانی بە ساتوسەودای بازرگانی و ئابووری زاری زۆر لەو وڵاتە پێشکەوتووانەش ببەستێت کە باوەڕیان بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ هەبوو، لە کاتی پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤدا لە ئێران. کۆمەڵگای ئێرانی تا دەهات زیاتر هەژار دەمایەوە. گەندەڵی دەستی پێکرد. باندە مافیاییەکانی نێوخۆی ڕژێم دەستیان دایە دزی و کوشتن و گرتن و ئێستا ئیدی وای لێهاتووە، ژیان لەو وڵاتە لە پاش نزیک بە سێ دەیە دەسەڵاتدارەتی ئەو ڕژێمە بە ئەندازەیەک دژوار بووە، خەڵک وەزاڵە هاتوون و بێکاری، هەژاری، گەندەڵی، ملهوری گەیشتوونەتە ئەوپەڕی خۆیان و هاوڵاتییان باوەڕیان بەو شێوە ئابووری و نەزمی کۆمەڵایەتییە نەماوە کە ئەوڕۆ لەو وڵاتەدا بەدیدەکرێت. ئێتسا ئێران وڵاتێکە وەک پاپۆڕێک لە نێو ئوقیانووسێک کە لە هەشۆکانداییە. لە نێوخۆی وڵاتدا، مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، کار نییە بۆ لاوانی ئەو وڵاتە کە نزیک 60% ی دانیشتوانی پێکدێنن. بواری ڕفاهی و ئاسایشی خەڵک لە مەترسیدایە، نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرێن و هیچ مافێکیان پێنادرێت. ڕووناکبیران لە زیندان دەهاوێژرێن و نووسەران پێنووسەکانیان دەشکێنرێت. ناهەنجاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری لەوپەڕی خۆیدایە و لە سەرووی هەمووشیان هەر ئەو باندانە کە دەسەڵاتیان لە ژێر جنگی خۆیان خستووە، بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەوڵەمەندتر بن و پارەی زیاتر کۆبکەنەوە و خوێنی خەڵک بمژن و داهاتی وڵاتەکە کە هی خەڵکە، بدزن. گەر ئەوە وێنەی ناوخۆی ئەو وڵاتەیە، بێگوومان ئەوەمان لە لا ڕوون دەبێتەوە کە لە نێوخۆدا، ئەو وڵاتە لە حاڵی نەوەساندایە و بەرەو داهاتوویەکی نائارام و نادیار هەنگاو دەنێت.

لە ڕوانگەی دەرەوەش، نە زلهێزان و نە وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی، ئەوە قەبوول ناکەن ئەو ڕژێمە ئەوەندە بەهێزبێت کە ببێت بە هەڕەشە بۆ سەریان و ناوچەکە بخاتە بندەستی خۆی. ئەو ستراتیژییە نوێیەش کە باس لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە دەکات و هەشت وڵاتی پیشەسازی جیهان لە سەری دوواون و دیارییان کردووە، ناتوانێت ئەوە قەبوول بکات کە ئێران بەو شێوەیە کە هەیە لە بواری سەربازییەوە بەرەو ئەو ئاستە بچێت ئەوان بداتە بەر هەڕەشە. بێگوومان پاش ئەوەش کە جیهان بەوەی زانی ئەو ڕژێمە 18 ساڵ بە نهێنی لە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ناوەکی بووە، جارێکی دیکە ئەو ڕژێمە ناتوانێت جێگای باوەڕی نێونەتەوەیی بێت. دەستی ئێران لە لوبنان، فەلەستین، بەحرەین، عەرەبستانی سعوودی، عێراق و زۆر جێگای دیکەی ناوچەکە بە ڕوونی بەدیدەکرێت و ئەمەش هەڕەشەیە بۆ داهاتووی بەرژەوەندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. لێرەدایە کە دوو ستراتیژی ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. یەکەم، ستراتیژی ئێرانی_ئاخووندی، ئایدۆلۆژی مەزهەبی و دووەم، ستراتیژی پەرەدان بە ڕەوتی دیموکراتیزاسیۆن لە ناوچەکە و نەهێشتنی هەژاری و ملهوری _ بێگوومان ئەوە ڕاستە کە ئەو زلهێزانە بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن وەک هەر دەسەڵات ولایەنێکی دیکە. بەڵام گرنگیی ئەو ستراتیژییە لەوەدایە کە بە پێچەوانەی جاران، ئێستا زلهێزەکان زیاتر دەیانەوێت لە گەلانەوە نزیک بنەوە، نەک لە تاک یان دەسەڵات_ لەم بەرەوڕووبوونەوەیەشدا کە ئامریکا ڕێبەریی ستراتیژی دووەمیان دەکات، بە پێچەوانەی عێراق، جیهان لە بەرانبەر ئێراندا یەکدەنگە و بڕیاری 1737 ئەو بڕیارە بوو کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگەوە دژی ئێران دەریکرد. پاش ئەو بڕیارەش کە دراوە و داوا لە ئێران دەکات واز لە پیتاندنی یورانیۆم بێنێت، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران 6000 دەستگای سانتریفووژی دیکەی وەکار خستووە بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرچی زیاتر خێراترکردنی ڕەوتی پیتاندنی یورانیوم. لە بەرانبەردا تا ئێتسا چەند پاپۆری ئایزنهاوەری ئامریکایی گەیشتوونەتە ئاوەکانی خەلیجی فارس و لە لایەکی دیکەشەوە عێراق بووەتە جێگای ململانێی روونی ئامریکاییەکان لە گەل ئێراندا و جۆرج بووش فەرمانی کوشتن یان گرتنی پیاوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی داوە لەو ولاتە.

کۆی ئەو ڕووداوانە هەندێک ئاماژەمان پێدەدەن کە بریتین لە:
1. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت واز بێنێت لە ویستەکانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوەکی کە ڕۆژئاوا پیتاندنی یورانیۆم بە هەنگاوەکانی ئێران دەزانێت بۆ دەست پێگەیشتن بەو چەکە.
2. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی گەر واز نەهێنێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا هێرشی سەربازی دەکرێتە سەر ئێران و لەم هێرشەشدا بێگوومان ئیسرائیل ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت وەک ولاتێک کە هەڕەشەی نەمانی لە سەر نەخشەی زەوی لێدەکرێت لە لایەن ئێرانەوە. ئەمە و بێجگە لە گەمارۆی ئابووری و. . . کە بۆی هەیە بە سەر ئێراندا بسەپێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قورستر بکرێت.
3. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەوێتە ووتووێژ و واز لە پیتاندنی یورانیۆم دێنیت و بە وازهێنانیشی لەو ویستەی خۆی کە 18 ساڵە بە نهێنی کاری بۆ دەکات، وردە وردە دەستی لە ناوچەکە پێدەکشێننەوە و دەبێت واز لە عێراق بێنێت، " حیزب الله" بێدەنگ بکات و دەست لە کاروباری فەلەستین وەرنەدات. ئاکامەکەشی ئەوە دەبێت کە ئەو شێرە بەفرینەیەی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەروگوێ دەکەن و هەر ڕۆژە و لە جێگایەکەوە خۆیانی بەسەردا زاڵ دەکەن. 4. گەر ئاماژەی سێیەم ڕوو بدات، پاش ئەوەی کە هێزیان لێ ئەستاندەوە لە ناوچەکە، باس دێتەوە سەر ناوخۆی ولات و باس لە مافەکانی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان و. . . کە بە بەردەوامی لە لایەن ئەو ڕژێمەوە پێشێل دەکرێن، دێنە بەرباس و بێگوومان ئەو ڕژێمە بەرەو نەمان دەبات و ڕژێمێکی دیکە دێتە سەرکار.
5. لەوانەیە هەندێک بیرۆکە بۆ ئەوە بچن کە گەر ئێران لە گەڵ ئامریکادا ڕێککەون، ئیدی ئەو ڕژێمە پشتیوانی لێدەکرێت لە لایەن ئامریکاوە و گەلانی ئێران زیاتر سەرکوت دەکرێن و باس لە مافی مرۆڤ و مافی شارۆمەندی و مافی گەلانی ئێران نایەنە بەرباس. ئەوە سەردەمانێک بۆ ئەوە دەبوو کە ڕوو بدات. بەڵام ئەو ڕژێمە_ گەر بێت و واز لە هەموو ویستەکانی خۆی بێنێت_ ئێستا ڕووبەڕووی ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە بووەتەوە و بێگوومان لەو سیستەمە نوێیەدا ناتوانرێت متمانەی پێبکرێت و جێگای باوەڕی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نییە!
لە یەک ڕستەدا، بوونی وەها ڕژێمێک لەمڕۆ و لە داهاتووی ناوچەکەدا، هەڕەشە و هێرشە بۆ سەر بەرژەوەندی ئامریکا و ئوروپا و زلهێزانی دیکەی جیهان!

ئاکام:
ئێران وەک دوا دەرگای داخراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وەک هەوێنی زۆربەی هەرەزۆری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەرەو ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی دەچێت و ململانێی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست_ لەوانەیە بەم زووانەش بێتە ئاراوە_ ململانێی مان یان نەمانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە!
28. 01. 2007 ی زایینی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.